# مەریوان هەڵەبجەیی: بەنیازم داوا لەسەر مەلا عەلی باپیرو مەلا کرێکار تۆمار بکەم

**سازدانی: هاوڵاتی**

دوای ئەوەی لە سیمینارێکی پاڵتاکدا لە وەڵامی پرسیارێکدا مەلا کرێکار ناوی مەریوان هەڵەبجەیی دەهێنێتو بەشێوەیەکی هەڕەشە ئامێزانە بەرەو رووی مەریوان قسە دەکات، هاوڵاتی بەباشی زانی لەمەڕ ئەو کێشەیە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ناوبراو ساز بکات.

هاوڵاتی:وەك ئاگادریت بۆجارێکی تریش قسەو باس لەسەر کتێبەکەت هاتەپێشەوە لە 7|25 مەلا کرێکار لە پاڵتاك قسەی لەسەرتکرد، بەرای ئێوە ئەم قسەو باسە بۆچی جارێکی تر سەری هەڵدایەوە؟ یان بەرای تۆ مەبەست لە باسکردنەوەی ئەو گرفتە بەو شێوەیە چییە؟

مەریوان هەڵەبجەیی: بەلای منەوە ئەم هەڵوێستەی مەلا کرێکار (لەگەڵ ڕێزمدا بۆ کەسایەتییە ئینسانییەکەی) جارێکی تر تەعبیر لەو فیکرە سواوو ڕزیوە دەکاتەوە کەساڵەهایە خوێنی ئینسانییەتی لێدەچۆڕێ، دووبارەو هەزار بارە پێماندەڵێتەوە کە بەکارو بیرکردنەوەو ڕەفتارو یاساو ڕێسای بیابانو چەکی کۆنی ڕەشۆکەکان دەڕوانێتە دەستکەوتە



شارستانییە پڕ لەزانستەکانی ئەمڕۆ، پێشترو لەچەندین لاوەو بەچەندین شێوە فتوا لەسەر منو نووسەران دراوە، هەڕەشەکەی مەلا کرێکاریش هەمان ڕێچکەو ڕێبازەو هەمان ئامانج دەپێکێت، چونکە بەپاڵپشتی کۆمەڵێك دەق هەڕەشە دەکات کە لەسەرچاوەکەی ئەوانەوە سەری دەرهێناوە. ئەوەی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە دەقو دینەو ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە دەنگی تیغی چەقۆو ناوی گروپو سمێڵی کەسەکانە. هەڕەشەی ئەو بەلای منەوە تەقلیدین، کۆنن، سوواون، بۆنیان لێدێت. پێشتر چەندان نوسەری وەك من لەسایەی ئەم جۆرە هەڕەشانەوە تیرۆر کراون، یان فڕێنراونو دواتر سەربڕاون. بەبۆچوونی من ئەم کردارو ڕەفتارانە جگە لەدۆڕاندنی پێگەکانی دین، جگە لەسفربوونەوەو خاڵیبوونەوەی دەقو فیکرو هەگبەی مێژوویانو دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی سەرکردە ئیسلامگەراکان بەرانبەر بەنوسینو فیکرو مەعریفە هیچ مانایەکی دیکەی نییە. بەڵام بۆ لەم کاتەدا؟ ئەمەیان جێی خۆیەتی کە بڵێین لەم ماوەیەدا کتێبەکەم دوو جاری دیکە چاپکراوەتەوە (چاپی شەشەمو حەوتەم) تێیدا وەڵامی پرۆژەی تیشكو هەوادارانیانیشیانم داوەتەوە، زانیاری زۆرتری لەخۆ گرتووەو لە350 لاپەڕەوە بووە بە532 لاپەڕە، ڕەنگە ئەم کارە، کە ئێمەی نووسەران فێری بوین بەنووسین وەڵامی توندوتیژی بدەینەوەو هەر بەنووسین بەرانبەر فێری ئەخلاقی نووسین بکەین، ئەوی بێتاقەت کردبێت بەشێوەیەك کەکۆنترۆڵی لەدەست بدات .

لەبەر ئەمە با خورماڵ نەبێتو ئۆسلۆ بێت ئەو دێتو مایکی پالتالك دەکاتە وەسیلە، کۆنترۆڵی تێکچووە، بیری وشەو ڕەخنە جەرگبڕەکانی ئێمەی کەوتووەتەوەو نازانێت چۆن وەڵام بداتەوە، لەئاست

لێکۆڵینەوەکانماندا توشی ئیفلاسی فیکری هاتووە، جگە لە بەکارهێنانی چەکی کۆن شتێکی نوێی ئەوتۆی پێ نییە بمانخوێنێتەوەو لێمان تێبگات، چاری ناچارەو هەڕەشە دەکات.

هاوڵاتی: مەلا کرێکار دەڵێت مەریوان هەڵەبجەیی خۆفرۆشە، چونکە بە فیکرێکی مونحەریف هاتووە دەیەوێت دژی دینی میللەتێك بێت کە خۆی ناتوانێت لەو شوێنەدا جێگای بێتەوە، تفی لە خۆی کردووە، ئیحترامی دینی ئوممەتەکەی خۆینەکردووە، بۆ ئەوەی خۆی بکات بە سەلمان ڕوشدیو تەسلیمە نەسرینو جێگای بێتەوە، هاتووە تفی لە ئێمە کردووە. تۆ لەو بارەوە دەڵێت چی؟

مەریوان هەڵەبجەیی: ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە نووسەران، لەبەرانبەر هەر نووسینو لێکۆڵینەوەیەکیاندا کە ئەنجامیان دابێتو تێیدا ڕەخنەیان لەدین بەگشتیو ئیسلام بەتایبەتی گرتبێت نەك هەر بەنووسەریان نەزانیون بەڵکو بەمونحەریفو لادەرو خۆفرۆشیشیان زانیون. نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە هاوفیکرەکانی لەنامیلکەیەکدا پێشتر لەمەلا کرێکار خراپتریان لەسەر نوسیبووم، ئێستاشی لەگەڵ بێت ئیهانەی کەسوکارم دەکەن. ئەوەی ڕەخنەی لەئیسلام گرتبێت ئەم نوقڵە ترشو شیرینیانەی بەرکەوتووە. بەلای منەوە هەر نووسەرو هونەرمەندو ڕووناکبیرێك تۆزو خۆڵی ئەم هەڕەشەچییانەی بەر نەکەوتبێت، هەندێ جوێنیان پێنەدابێتو چاویان لێمۆڕ نەکردبێتەوە، دووچاری گێچەڵیان نەکردبێت، زەحمەتە بەئازادیخوازی دابنێم .

من باسی ئازادیو هێنانەکایەی سیستمێکی دیموکراتیو دروستبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنیو شارستانیم کردووە، باسم لەفڕێدانی ئەفسانەو خورافات کردووەو داوامکردووە زانستیانە ڕوو بکەینە ژیان. باسم لەنەهامەتییەکانی ژنان کردووەو بەئیسلامگەراکانم وتووە پێگەو ڕەهەندو گوتارتان لەزەمەنی چڕنووكو شەقو شەپاڵەوە هیچی بۆ ژنو بۆ ئینسانییەتو بۆ کۆمەڵگاکەمان نەهێناوەتە ئاراوە، تۆ ئێستا بەم هەموو تەکنەلۆژیایەوە، بەم هەموو زانستو مەعریفەو ڕەهەندە فەلسەفییانەوە دەتەوێت کام ئاسنە بەفوو بتوێنیتەوە.؟ گوتارەکەی مەلا کرێکار، هەزارو چوار سەد ساڵە پێشکەوتنی بەخۆوە نەدیوە چونکە نیوەی کۆمەڵگاکەی (ژنان) زیندانی کردووە، ئێستا لەم زەمەنی عەولەمەیەدا، لەم زەمەنی ئازادیو ئازادی ڕادەربڕینەو شارستانییەتو کرانەوەو تێگەیشتنی ژناندا دەیەوێت چی بکات.؟؟ ئەو بەپێچەوانەی بارودۆخو گۆڕانکارییەکانەوە، واتە لەجێی ئازادکردنی فیکر دێتو باسی یەئجوجو مەئجوج دەکات، لەجیاتی پێکەوە ژیان باوەڕی بەمێرولەکانی سولەیمانو مارەبەجاشو بەردبارانکردنی ئافرەت هەیە، لەجیاتی ئازادی ڕادەربڕین هەڕەشە ڕیز دەکات کەیەکبەیەکەی وشەکانی بۆنی کەلەپووری دراوو ڕەشایی تاریکیو لێ دێت. من شانازی بەم مونحەریفیو خۆفرۆشیەی خۆمەوە دەکەم. ئەمەیە ئینسانییەت کەتا بڕینی گەردن بەگژوهەمو تۆتالیتارییەتو خورافەو کۆنەپەرستیدا بچیتەوە.! ئەمەیە مەدالیای شەهامەت کە بەمن بەخشراوە نەك سەنگەسارکردنی ژنان.! ئەوەی منی گەیاندە ئەو ئاستە ئەوە دەقی دینو هەڵەی ئیماندارەکانی بوو، کەئێستا پەنجەی پەشیمانیان دەگەزن. کاتێك خۆمان بەڕۆشنبیرو نوخبەیەك لەدووربینانو هۆکارێك بۆ گۆڕانووەسیلەیەك بۆ گۆڕینی سیستمی نوێی پەروەردەی کۆمەڵگا دەزانین کەمەلا توندڕەوەکانو هەوادارانیان کتێبمان حەرامو گەردنمان حەڵاڵ بکەن.

هاوڵاتی: مەلا کرێکار لەدرێژەی قسەکانیدا بەشێوەیەك لەشێوەکان دەڵێت: «فکری خۆت حوڕە، سەد جار وەرەو موناقەشەی ئەوە بکە بڵێ خوا نییە، بەڵام مەریوان هەڵەبجەیی ناتوانێت مزگەوتەکەی من

تەشبیە بکات بەچووکی خۆی» لێرەوە ماف بەخۆی دەدات کە بەشێوەیەکی هەرەشە ئامێز بەرگری لەخۆی بکات، بەڵام ئاشکرایە کە لەئیسلامدا داکۆکیکردن لە بوونی خوا زۆر گەورەترە لەداکۆکیکردن لەمزگەوت، بەڕای ئێوە مەلاکرێکار لەرێگەی ئەم بۆچونەیەوە دەیەوێت بگات بەکوێ؟

مەریوان هەڵەبجەیی: ئێستا دوو ساڵو زیاترە کتێبەکەم بڵاوکراوەتەوە، بەدرێژایی ئەم ماوە درێژە نەمدیوە، نەمبیستووە، مەلا کرێکار قسەی لەسەر کردبێت، لەکۆتایی ساڵی 2006دا لەڕێی ڕووپەڕی ماڵپەڕەکانەوە بڵاومکردەوە، لەسەر کتێبەکەیان هەر بابەتێك کەخۆی پێیخۆش بێت داوای سیمینارێكو پێکەوە دیالۆگێکم کردبوو. ئەو پێشنیارەشمی لەڕێگەی بەڕێز کاك خالیدی برایەوە ڕەت کردەوە. تەنانەت ئەو یەك وشەی لەسەر ئەم کتێبەم نەنوسیوەو هەڵێنەسەنگاندووە، ئەمەش ناکاتە ئەوەی کەکتێبەکەی نەخوێندووەتەوە، یاخود ناکاتە ئەوەی کەبێزیان نایەت لاپەڕە لەسەر نوسینەکانی من ڕەش بکاتەوەو پێی وابێت شایەنی وەڵامدانەوە نین تا کاتی خۆیانی پێبکوژن، ئەمانە نییە، بەڵکو نەیتوانیوەو ناشتوانێت، نەیوێراوەو ناشوێرێت، نەیزانیوەو ناشزانێت ئەو کارە بکات، ئەو ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ کتێبدا بەکاری خۆی نازانێتو ئەزموونی نییەو ناشیبێت. کەسێکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵی ئیمانی خۆی لەگەڵ موجاهیدە سەربڕەکانی ئەفغانستانو خوێنخۆرەکانی ئەنسارولئیسلامو تەور وەشێنەکانی چیچاندا گرێداوەو سەری ڕێزو نەوازشی بۆ بن لادن نەوی کردووە، هاوفیکرانی لەناو گۆڕەپانەکانی زەرقاویدا ڕۆژانە ئینسان سەرببڕن، ئەوان جگە لەشەڕو پێکدادان، جگە لەگۆڕنانی زانستو زانیاری، جگە لەفتوا، فێری نووسینو وەڵامو فیکرو مەعریفە نەبووە. ئەوەتا لەناو قسەکانیدا ئەو کەسانە بەشەریف نازانێت کەڕەخنە لەئیسلام دەگرن، ئەم منارەو چووكو گومەزو گونە بۆ کۆتایی نەهات.؟؟ خۆ شاعیری گەورەی کورد حەزرەتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەیان ساڵ پێش من ئەم شوبهاندنەی کردووە.!! ئەمە ئامادەکردنی سایکۆلۆژی گوێگرانی نەبێت هیچی دیکەنییە.! دەیەوێت بەم قسە پڕوپوچانە پلەو ئاستی کۆمەڵایەتیمان دابەزێنێت، لەڕاستیدا کەسانێك کە تا ئێستاش پێیان وایە پەلکە زێڕینە پرچی عەیشێو فاتمەیە، بەو ئەرکە شیاو نین کە رێزو شەرەف بەسەر خەڵکیدا دابەشبکەن. مەبەستی سەرەکی ئەو ئەوەیە کەدەبێت هەر بەهێز وەڵامی نووسین بدرێتەوە. دەنا لەکەس قبوڵ نەکراوە بڵێت خوا نییەو لەهیچ شوێنێکی کتێبەکەشمدا نەمنووسیوە خوا نییە. ئەوو هاوئاستەکانی دیکەی توندڕەوانی ئیسلامی وەسیلەی زۆر باشو مۆدێرنو ئاسانتریان لەبەر دەستدایە بۆ کوشتنی ڕاستەقینەی من، دەنا لەماڵپەری (خوداکان) کتێبەکەم داناوەو دەتوانن مناقەشەی بکەن، بەڵام جورئەتیان نییە بێنە پێشەوەو وەسیلەکەیان بەکار بهێنن. گەر ئەو توانی بۆمان بسەلمێنێت یەك لەسەر چواری کتێبەکەم ڕاست نییە، سەرچاوەکانی لەکتێبە باوەڕپێکراوەکان نین، بەدەستەکانی خۆم کتێبە کەدەسوتێنمو گۆشاوگۆش قەڵەمەکەم سەردەبڕم.! پەیمان دەدەم بچمە مزگەوتێکەوەو داوای لێبوردن لەگشت بکەمو تەوبەم ڕابگەیەنم. ئیتر چ پێویست بەهەڕەشە دەکات.؟؟ ئایا جیهاد لەمە باشتر بۆ کەس ڕەخساوە.؟؟ جا لەبەر ئەوەی توانای ئەم کارەیان نییە کوشتنی نووسەرەکە بە باشترین وەسیلەدەزانن، ئەمەش مانای ئیفلاسی فیکرییە تا دەگاتە ئەوپەڕی ئیفلاسی ئەخلاقیش.

هاوڵاتی: پاش ئەو قسانەی مەلا کرێکار بەنیازی چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا بکەیت بەتایبەتی ئێستا تۆ لە وڵاتێکی کە ئازادی ڕادەربرینی هەیەو یاسا سەروەرە؟

مەریوان هەڵەبجەیی: توندڕەوانی ئیسلامی ئازادن لەوەی کەنانووسن‌و ناخوێننەوە، لەبەرئەوە ئازادن بەفیکرو مەعریفەو زانست ڕووبەڕوو نەبنەوەو بۆ بەردەوامبوونی ژیانی فیکری خۆیان پشت بەخورافە ببەستن‌و دڵیان بەدینەکەیان خۆش بێت، ئازادن لەوەی چۆن باسی دین‌و خواو ئەو دنیا دەکەن، بەڵام ئازاد نین دەخالەت لەژیانی کەسانی دیکە بکەن‌و مەترسی لەسەر ژیانیان دروستبکەن. ئازاد نین‌و بۆیان نییە گەردنی کەسانی نەیار ڕاپێچی سەربڕین بکەن، نابێ‌و مافی ئەوەیان نییە دادگایی نوسەران‌و ئازادیخوازان بکەن.! دەبێ ئەو وەهمە لەمێشکی خۆیان وەدەرنێن کە پێیان‌وایە بەم جۆرە هەڕەشەو فتوایانە کاریان بۆ دەچێتەسەر، جاران جاران بوو، لەجێی حوشتر ئێستا ئۆتۆمبیل هەیە، لەجێی خلخلۆکە ئێستا تراکتۆرو شۆفڵ هەیە، لەجێی کەری باڵداری بەڕڕاق ئێستا فڕۆکەهەیە، لەجێی جوبرەئیل ئێستا ئینتەرنێت‌و تەلەفون هەیە، ئێستا زەمەن زەمەنی پێکەوە ژیان‌و یەکتر قبوڵکردن‌و دیموکراتی‌و ئازادییە. هەوڵ دەدەم ئەو بەڵگەیەی لای منە بیگەیەنمە یاساو داوای لێکۆڵینەوەیان لێبکەم، گەر قسەکانی مەلا کرێکار، بەپێی یاسای وڵاتەکەی خۆی (نەرویج) بەهەڕەشە دانرا ئەوکات شکاتی یاسایی خۆم تۆمار دەکەم. جگە لەمەش داوای یاسایی لەسەر مەلا عەلی باپیرو دووانیش لەپیاوەکانی تۆمار دەکەم کەکاتی خۆی فتوایان لەدژم بەیان کردبوو، گەر شکاتەکەم سەریگرت ئەو پێڵاوەیان لەپێ دادەکەنم کەجار جار پێی دەچوون بۆ ئەوروپا.

سەرچاوە: هاوڵاتی

Wednesday, September 03, 2008